# کورتەیەک لەبارەی مێژووی موزیکی جیهانی

## ئامادەکردنی
## پ.ی.د. چیایی کەمال سەعدی

هەولێر- کوردستان
٢٠٢٦

ناوی کتێب: کورتەیەک لەبارەی مێژووی موزیکی جیهانی
ناوی نووسەر: پ.ی.د. چیایی کەمال سەعدی
بابەت:  هونەری
چاپخانە:  ئەمەزۆن
تیراژ:  ٥٠٠ دانە
دیزاینی بەرگ: م.ی.عادل زرار
نۆرەی چاپ: یەکەم
ژمارەی سپاردن ( ١٦١ ) ساڵی ٢٠٢٥ی بۆ دانراوە
نرخ: ٥٠٠٠

# كورتەی چاخ و سەردەمەكانی موزيك

## ١- سەردەمی ئەغریقیەكان ( ١٤٦ ق.م تا ٤٧٦)

ئەم سەردەمە بەسەردەمی سەرهەڵدان و دۆزینەوەی تیۆری (نظریات) موزيك و مقامات و زەبزەباتی دەنگی و فەلسەفەی موزیکی دادەندرێت، هەروەها ڕۆمانەکان لەم سەردەمەدا بەیەکەم کەس دادەندرێن کە هونەری موزیکیان بەکار هێناوە بۆ بوارەکانی سەربازی وە ڕۆڵی سەرەکیان تیا بینیوە، ئەمەش بەبەکار هێنانی ئامێرە موزیکیە فودارە نوحاسیەکان. ئەمەش بەهەوڵ و لێکۆلینەوەکانی هەریەك لە ( فیساگۆڕس - ئەفلاتۆن - ئەرستۆ ).

## ٢- سەردەمی ڕۆمانسیك (٢٥٠ ق.م تا ١١٥٠)

ئەم سەردەمە جیادەکرێتەوە لەسەردەمانی تر بەوەی کەموزیکی ئاینی (کەڵێسایی) و موزیکی دەنگی سەری هەڵدا و پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆیانەوە بینی، ئەمەش بەهەوڵ و کۆششی ( پاپا گریگۆری ) بوو.

## ٣- سەردەمی گوتی (١١٥٠تا ١٤٠٠)

لەم فەترە زەمەنیەدا کە (٢٥٠) ساڵە، فۆڕمی (پۆلی فۆنی) وە فۆڕمی موزیکی (دینی و دنیایی) بەفۆڕمی پیرۆزی کەڵێسایی هەژمار کران و کاریان پێکرا.

## ٤- سەردەمی بوژانەوە (١٤٠٠تا ١٦٠٠)

ئەم سەردەمە بە سەردەمی پێشکەوتنی (کۆڕاڵ) دادەندرێت لەسەر فۆڕمی (پۆلی فۆنی)، هەروەها بەسەردەمی پێشکەوتنی (ئامێرەکانی موزیك) و سەرهەڵدانی فۆڕمی موزیکی ماڵان

(مادریگاڵ) دادەندرێت، ئەمەش لەسەردەستی (پاڵاسترینا و مولی) بوو.

## ٥- سەردەمی بارۆك (١٦٠٠تا ١٧٥٠)

ئەم سەردەمەش بەسەردەمی سەرەتای سەرهەڵدانی (ئۆرکسترا - ئۆپێرا - ئۆراتۆریۆ - کۆنشێرتۆ - فوجە) دادەندرێت. ئەمەش بەهۆی هەوڵ و شاکارەکانی هەریەك لە (باخ - هاندل - ڤیڤاڵدی) بوون.

## ٦- سەردەمی ڕۆکۆکۆ - کلاسیك (١٧٤٠تا ١٨٠٠)

ئەم سەردەمەش بەسەردەمی سەرهەڵدانی (سیمفۆنی) دادەندرێت، هەروەها (سۆناتا و کۆنشێرتۆ و ئۆپێرا و چوارینەی ژێداری) پێشکەوتنی بەرچاویان بەخۆوە بینی. ئەمەش بەهەوڵی هەریەك لە (بتهۆڤن - مۆتزارت - هایدن) بوون.

## ٧- سەردەمی ڕۆمانتیك(١٨٠٠تا ١٩٠٠)

لەم سەردەمەدا ئامێری (پیانۆ) پێشکەوتنی زۆر بەرچاوی بەخۆوە بینی، هەروەها جۆرەکانی سیمفۆنی وەك (سیمفۆنیای قصیدەیی - سیمفۆنیای درامایی موزیکی) پێشکەوتنی بەرچاویان لێ بەدی دەکران. ئەم کەسانەی کە بایەخیان بەم بوارانەش دەدا بریتی بوون لە (بتهۆڤن - شۆپان - شۆمان - شۆنبیرت - برامز - ڤاگنەر - بڕیلیۆز).

## ٨- سەردەمی مۆدێرن ( ١٩٠٠)

ئەم سەردەمەش بوبە سەردەمی سەرهەڵدانی موزیکی (تعبیری) و (ئامێری ئەلیکترۆنی).

# سەرەتاکانی هونەری موزیك

بۆزانینی سەرەتاکانی هونەری موزیك و چۆنیەتی سەرهەڵدانی و پەرەسەندنی ئەم هونەرە گرینگە زۆرێك لە زاناکان و فەیلەسوفەکان و مێژوو نوسەکان لە بوارەکانی وەك (موزیکۆلۆجی - ئیتنۆموزیکۆلۆجی - سۆسۆ لۆجی... تادوایی)، هەوڵی ئاشنابونیان داوە لەم بوارەدا، هەربۆیەش ئاراستەکان و بۆچونەکانیان لەم بارەیەوە جۆراو جۆرو زۆرن. ئەم زۆری بۆچونانەش دەگەڕێتەوە بۆ بەدەست نەکەوتنی زانیاری و کەرەستەی بەرجەستە کراو. واتە کاتێك مێژوو نوسە موزیکیەکان ویستیان دەربارەی موزیکی کۆن بدوێن، مەبەستمان موزیکی مرۆڤی چاخی بەردینە، هیچ شتێکی وایان لەبەردەست دانەبووە کەبتوانن پشتی پێ ببەستن، وەئاواز و بۆنەکانی ئەم چەرخە کۆنانەش و گوتنەکانیشیان بەیەك جارەکی بەرەو هەڵوەشانەوەو لەناو چوون هاتبوون، سەبارەت بە ئامێرە موزیکیەکانیش کەلە کەرەستەی سادە و زوو لەناوچوو دروستکرابوون بەهەمان شێوە توشی لەناو چوون ببوون.

ئەم لەناوچوونانەش بوەهۆی دروست بوونی کەموو کوڕی لەشتە بەرجەستە کراوەکان، بۆیە مێژوو نوسەکان و لێکۆلەرەکان پەنایان بردەبەر شیکردنەوەی تیۆری. وە دیارترین لەم تیۆرانەش ئەوانەن کە پشت ئەبەستن بەئەفسانەکان بۆ وردکردنەوەی بنچینەکانی موزیك.

هەندێ لەزانایانی موزیك سەرەتای سەرهەڵدانی موزیك دەگەڕێننەوە بەشێوەیەکی گشتی بۆ زیاتر لە سەرچاوەیەك وهۆکارێك، بەڵام گشتیان کۆکن لەسەرئەوەی هاوارکردنی بەنەغمەو لێدان لەچڵی داری کلۆر و میوەی وشك و ئێسقان و لاواندنەوەکان و کاری ڕۆژانەی مرۆڤ و لێدان لەسەر پێست و هەڵچوون و هێوربونەوەی دەرونی، هەموو ئەم هۆکارانە بەشداربوون لە گەشەسەندن و دروست بوونی سەرەتاکانی ڕیتم و ئاواز.

بۆ زیاتر پشت ڕاست کردنەوەی ئەم بۆچوونانەی سەرەوەش خۆش بەختانە لە ڕێگای هەوڵ و توێژینەوە یەك بەدوای یەکە بەردەوامەکان تواندرا هەندێ لەم کەرەستە و ئامێرانەی موزیکی چاخەکانی بەردینی بدۆزرێنەوە، ئەگەرچی ئەم کەرەستە و ئامێرانەی کە دۆزراونەتەوە شێواون بە شێوەیەك کە ناتواندرێت بە ڕێژەیەکی زۆر جێگیر باسیان لێوە بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا بەهۆیانەوە دەتواندرێت هەندێ لە ئەفسانە و وتەکان بسەلمێنن، بۆنمونە ئەگەر سەیری ئەم ئێسکەی وێنەی ژمارە (١) بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە مرۆڤی سەرەتایی لەڕێگای ئێسکەوە جاچ هی مرۆڤ بێ یا هی ئاژەڵ، توانیویەتی ئامێرێکی موزیکی دروست بکات و لە ڕێگای ئەم ئامێرەوە چەند دەنگێك یا نەغمەیەکی موزیکی دەربېڕێت بۆ دامرکانەوەی حەزەکانی یان تێرکردنی هەست و نەستی .



**وێنەی ژمارە (١)**

هەروەها لە وێنەی ژمارە (٢) دا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ئەفسانانەی کە دەڵێن مرۆڤی سەرەتایی لەڕێگای سروشت و باو بۆرانەوە یاخود ڕونتر بڵێین کاتێك با بەناو چڵە دارە کلۆڵەکان هاتوو چۆی کردوە و دەنگیان لێوە دەر چووە هەر لەم کاتەوە مرۆڤ بەدوای دەنگەکانەوە گەڕاوە و ئامێری هەوایی لێیان دروست کردووە.




**وێنەی ژمارە (٢)**

هەروەها سەبارەت بە بەکار هێنانی ڕیتم و ئامێرەکانی ئەم کاتە ئەگەر سەرنج بدەینە وێنەی مارە (٣) دەبینین لە ڕێگای هەڵکەندراوەکانەوە کە لەسەر دیواری ئەشکەوت و بەردەکان داتاشراون یان هەڵکەندراون زۆر بەڕوونی وێنەی ئامێرە ڕیتمیەکان دەبینین، هەروەها شێوەی بەکارهێنانیشیان، بەڵام سەبارەت بە ئامێرەکە وەك خۆی کە بە بەرجەستەکراوی نەماوە ئەوە زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ئامێرە ڕیتمیانە زیاتر لە پێستە و میوەی ئیشك کراوە دروست کراون بۆیە مانەوەیان بۆ چەندین هەزار ساڵ زۆر ئاستەمە.



وێنەی ژمارە (٣)

لێرەدا بە پێویستی دەزانین کە ئاماژە بە بیرو بۆچوونی هەندێ لەم زاناو فەیلەسوف و مێژوو نوسانەش بکەین کە تارادەیەکی زۆر بۆچونەکانیان وەك بناغەیەك بەکاردێن بۆ سەرەتاکانی هونەری موزیك.

لەوانەش زانای بەناوبانگی ئەڵمانی هێربێرت سپێنسەر (Herbert Spencer)، پێی وایە کە (موزیك لەزمانی قسەکردنەوە گەشەی کردووە و سەرەتای دروست بوونی گۆرانیش لەئەنجامی قسەکردن لەتۆنێکی بەرزەوە پەرەی سەندوە)، لەبارەی ئەم بۆچونەشەوە زۆریك لەزاناکان هاوڕا بوونە لەگەڵ بۆچوونەکەی هێربێرت، لەوانەش زانای بەناوبانگ ژان ژاك ڕۆسۆ Jean-Jacques Rousseau)).

هەروەها زانای بەناوبانگی بەریتانی چارلس دارۆیین (Charles Robert Darwin): لەبارەی هونەری موزیك و سەرەتاکانی سەرهەڵدانی موزیك پێی وایە کە ( گۆرانی گوتنی مرۆڤی سەرەتایی لاسایی کردنەوەی ئاژەڵەکان بوە بەگشتی و بەتایبەتی دەنگی باڵندەکان، ئەمەش زیاتر لەکاتی وەرزی بەهاردا کە نێرو مێ کان لەیەکتری نزیك دەبنەوە و بەجریواندن میلۆدی خۆشەویستی بۆیەکتری دەچڕن). واتە گۆرانی چڕینی مرۆڤ دەگەڕێتەوە بۆ لاسایی کردنەوەی مرۆڤ و ئەم خۆشەویستیەی لەنێوان کوڕ و کچەکاندا هەبووە.

بەڵام بەپێچەوانەی ئەم زانایانەی سەرەوەش زانایەکی تر بەناوی کارڵ بۆشێر (Carl Boucher) لەکتێبی (کارکردن و ڕیتم) کەلەساڵی (١٨٩٦)دەریکردووە، پشتگیری ئەوەدەکات کە ڕەسەنایەتی کردەوەی موزیك یەك گرتنەوەی ڕیتمە لەگەڵ جوڵە چالاکیە کانی کارکردن لەلایەن قەبیلە سەرەتاییەکان. ئەمەش بووە مایەی پەرەپێدان و بەبایەخ وەرگرتنی زۆرێك لە زاناکان، هەربۆیەش توێژەرانی سەدەکانی ناوەڕاست و بیستەم توانیان لەرێکای ئەم گۆرانیانەی لەلایەن قەبیلە سەرەتاییەکانەوە دەستیان کەوتبوو گەیشتن بە دانانی بناغەیەکی زانستی نوێ کەدواتر وەك موزیکۆلۆجی هاوچەرخ ناسرا. کە ئەم کارەش زیاتر پشتی دەبەست بە زانستی (أنپروبولوجی) و

زانستی (أپنوموزیکولوجی)، کە ئەم دوو زانستە تواندرا سودێکی یەکجار زۆری لێوەر بگیردرێت بۆ خزمەتکردنی بواری موزیك بەگشتی و زانینی سەرەتاکانی هونەری موزیك بەتایبەتی.

یەکەم / زانستی (أنپروبولوجی) ئەوزانستەیە کەلەبنچینەی ڕەگەزی مرۆڤ و پێشکەوتنەکانی و بیروو بۆچوون و عورفو عادات و بیرو باوەڕەکانیان دەکۆڵێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پێشکەوتنی پرۆگرامی خوێندن نەیتوانیوە دڵنیابێت لەوەی کە ئایا مرۆڤی ئێستا بەتەواوی هاوشێوەی مرۆڤی کۆن بووە یان نا.

دووەم / زانستی (أپنوموزیکولوجی) ئەم زانستەش بریتیەلە دراسەکردنی شارستانیەت و کەلتوری مرۆڤ لەڕوانگەی مێژووی موزیك و (أنپروبولوجیا) واتە زانستی نەژادی ئادەمیزاد.

بەگشتی دەتوانین بڵێین هونەری موزیك لەسەردەمەکانی زوودا، دەکەوێتە نزمترین پلەی پێشکەوتن، چونکە پێشێلی ڕۆڵی تاکی کردووە لە بواری داهێنان. واتە کارەکان تەنها بە کۆمەڵ (جماعی) بوونە، هەروەها بێبەش بووە لە بنەما تیۆریەکان و پشتیان بە لاسایی کردنەوەی پێش خۆیان بەستوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە نوسینیان نەزانیوە و زیاتریش پشتیان بەم ئامێرانە بەستوە کە دەنگیان لێوەهاتۆتە دەرەوە واتە ئامێرە (ئایدۆفۆنیەکان)، ئەمەش بەواتای ئەوەی ئەم ئامێرانە خاوەن لەرینەوەی خۆیان بوونەو لەکەرەستەی خاو دروستکراون وەك ئێسقان و پێستە ..تادوایی.

سەبارەت بە ڕۆڵی گۆرانی لە موزیکی سەرەتایش دەتوانین بڵێین مرۆڤ هەرلەسەرەتای دروست بوونیەوە خواوەندی موزن بەهرەیەکی مەزنی پێی بەخشیوە و کردوویەتی بە خاوەن ئامێرێکی دەنگی تەواو کە (قوڕگ)ە، بۆیە بەهۆی سادەیی ئامێرە موزیکیەکان و نەشارەزایی بوونیان تێیدا مرۆڤ هەولی داوە بە قوڕگ ئەم دەنگانە دەربڕێت، هەرچەندە مرۆڤ نەیتوانیوە لەسەرەتادا زۆرێك لەم دەنگانەش وەك پێویست دووبارە بکاتەوە بەڵام بەهۆی لاسایی و بە یارمەتی قوڕگی توانیویەتی هەوڵێکی باش بدات بۆ بەرەو پێشچوونی ئەم لایەنەو تێرکردنی غەریزەکانی. بۆیە گەرسەیر بکەین دەبینین کە مرۆڤی سەرەتایی جۆرێك لە تەڕاتیل و گۆرانی ئاینی و ئاهاتو

هاواریان لاهەبوە کە تاکو ئێستاش ئەم مرۆڤانەی لەنزمترین ئاستی شارستانیەت ژیان بەسەردەبەن بەشێکی زۆر لەم تەراتیل و هاوارانەیان لاماوەو وەك بەشێکی گرینگ لە ژیانیان سەیری دەکەن. ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تاکو ئێستاش هیچ ئامێرێکی موزیکی ناتوانی گوزارشتیان لێ بکات.

لەکۆتایی ئەم باسەدا ئەوەی کە جێگای ئاماژە بۆکردن بێ چەند خەسڵەتە و تایبەتمەندیەکی سەرەتاکانی موزیکی سەرەتایمان بۆ ڕوون دەبێ تەوە کەئەمانەن :

أ ـ موزیکی سەرەتایی لەئاوازێکی بچکۆڵە پێکهاتووە و بەبەردەوامی دووبارە بۆتەوە.
ب ـ موزیکی ئەم سەردەمە بە شێوەیەکی گشتی بە کۆمەڵی (جماعی) جێ بەجێ کراوە نەك تاکە کەسی، گەر هەشبووبێ زۆر بەدەگمەن بووە.
ج ـ ئەو میانانەی کە لەموزیکی سەرەتایدا بەکار هاتوون بریتی بوونە لە میانەکانی پلەی تەواو وە دواتر نیو پلەیی.
د ـ ڕیتم لە موزیکی سەرەتایدا ڕۆڵێی زۆر گرینگی بینیوەو بە شێوازی جۆراوجۆر بەکارهاتووە.

# پیرۆزی و پەیوەندی موزیک بەئاینەکانەوە

## یەکەم / گۆرانی و موزیک لای میصریە کۆنەکان

شایەنی باسە هەرلە سەردەمی میسریە کۆنەکانەوە، موزیك و ئامێری موزیکی بەکارهێندراوە و بەستویەتیانەوە بە بۆنە ئاینیەکان و بە بەرپرسە دیندارەکان، دواتر ئەم کارەیان دابە ئافرەتانەوە. بەڵام بەمەرجێك کەدەبوایە لە بنەماڵەی بەرپرسە ئاینیەکان بانە.

گۆرانی و موزیك لەسەردەمی فرعەونەکاندا زۆر پێشکەوتنی بەخۆوە بینی وە ئەم ئامێرانەی کە بەکار دەهێندران زیاتر لەم کاتەدا بریتی بوون لە (چەنگ و شمشاڵ) کە ئامێری چەنگ یەکێك بووە لەم ئامێرانەی کە زۆر باو بووە و تایبەتمەندیەکی میللی هەبووە. هەروەها ئامێرێکی تری ژێداریان بەکار هێناوە بەناوی (لیر یا لیرە)، بەڵام زۆر بەکەمی و بە دەگمەنی کاریان لەسەر ئەم ئامێرە کردووە.

ئەوەی جێگای ئاماژەکردن بێ ئەوەیە کەمصریەکان لەبەر گرینگی موزیك و بە پیرۆز زانینی لەکاتی مردنی هەریەك لە پیاو ماقوڵان و دەسەڵات دارەکان و پیاوە ئاینیەکانیان چەندین وێنەی ئامێرە موزیکیەکان و ژەنیارەکانیان لەسەر صندوق و گۆزە و دیزەی مردوەکان و دیواری ئەوشوێنانە دەکرد کە مردووەکەی لێ ناشتراوە، یانیش ئامێرێکی موزیکیان لەگەڵدا ناشتووە. بەمانای ئەوەی ئەم مردووە تاهەتایە بە نەمری و بە زندووی بمێنێتەوە وەز موزیکەکە، چونکە لایوان موزیك وەك هێزێکی خودایی و پیرۆز سەیرکراوە. هەربۆیەش ئەگەر سەیری پاشماوەکانی فرعەونەکان بکەین دەبینین ئەم مێژووەیان زیاتر وەك وێنە یا بە داتاشراوی بچوکی لە خشڵ دارێژراویان بۆمان هێشتۆتەوە.

لەرێگای ئەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر موزیکی فرعەونەکان ئەنجام دراوە بەتایبەتی لێکۆڵینەوەکانی بەرێز (کۆرت زاکس) سەبارەت بە کۆککردنی (نصب) ئامێری چەنگ، ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە مصریەکان پەیژەی پێنج دەنگی (پێنتە فۆنیك)یان بەکار هێناوە.

پەیژەی پێنج دەنگی (پێنتە فۆنیك) واتە ئەودەنگانەی کە دووری نێوان دەنگەکانیان تەنیا تۆنی تەواوە وەك: (دۆ - ڕێ - می - صۆڵ - لا). کە زیاتر لەلای ئەو میللەتانە باو بوە و بەکار هاتووە کە ئەورووپی نین، هەروەها لای جولەکەکانیش بەکارهاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ جار لە موزیکی ئەورووپیش کاری لەسەرکراوە وەك جۆرێك لە نوێ کاری و تێکەڵکردنی کەلتورەکان هەروەك موزیك زانانی بەتوانا (پۆرچینی و دڤۆرجاك) ئەمەیان لەموزیکەکنیان بەکار هێناوە.





**دووەم/ گۆرانی و موزیک لای (یەهودی) جولەکەکان**

بۆ زانینی زانیاری لەسەر بەکارهێنانی موزیك یا پەیوەندی موزیك بە ئاینەوە لای جولەکەکان هەمیشە پەنا دەبەین بۆ کتێبی پیرۆزی (تەوڕات)، وەك تاکە سەرچاوە دەتوانین سودی ڕاستەوخۆی لێ وەربگرین.

ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە کەلە تەوڕاتی کۆندا باس لە بۆنە ئاینیەکان کراوە کەچۆن بەهاوکاری لەگەڵ موزیك و دانس جێ بەجێ کراون. هەروەها سەبارەت بە ئامێرە موزیکیەکانیشەوە لە تەوڕاتدا دابەشی سەر سێ بەشی کردوون، کە هەربەشێکیشی بەستۆتەوە بە چینێکی کۆمەڵایەتیەوە،وەك: ئامێرێکیان هەبووە بەناوی (شۆفار) لە شاخی ئاژەڵ دروستکراوە و تایبەت بووەبە بۆنە ئاینیەکانەوە، هەروەها ئامێرە ژێدارەکانی وەك چەنگ و لیر و سالتێرۆ کە ئامێرێکە هاوشێوەی قانون و سەنتور بووە. ئەمانە زیاتر لەلایەن ئەو کەسانە بەکار هاتوونە کە کارەکانیان خزمەتکردنی مزگەوتەکان بووە.

هەروەها ئامێرێکی تری ئەم سەردەمە کە زیاتر لەلایەن جولەکەکانەوە بەکار هێندراوە بریتی بووە لە ئامێری (شمشاڵ)،کە پیکەکەی لە قامیش دروستکراوە، ئەم ئامێرەش زیاتر ئامێرێکی میللی بووە و لەناو چینەکانی میللەت باو بووە و لە بۆنە و مناسەباتەکان بەکار هاتوونە.

لەسەردەمی جولەکەکاندا بەگشتی و لەلایەن حەزرەتی (داود) و حەزرەتی (سلێمان)، کە نزیکەی ١٠٠٠ساڵ بەر لە زاینی دەگرێتەوە. لەبۆنە ئاینیەکان گروپی کۆڕسی گەورە لە دەنگ بێژەکان پێك دەهێندران، کە زۆرجار ژمارەیان دەگەیشتە هەزاران بەشداربوو، بەتایبەتیش لەکاتی بۆنە ئاینیە گەورەو گرینگەکانی کە لەشاری (ئورشەلیم ـ قودس)، جێ بەجێ دەکران.

دواتر لەگەڵ تێپەڕبوونی کات و لاوازبونی یەهودیەکان و بەهێزبوونی سیناگۆکیەکان هەندێ گۆڕانکاری لە بەکارهێنانی موزیك

رویدا لەکاتی ئەنجام دانی بۆنە ئاینیەکاندا وەك: لەبری بەکارهێنانی ئامێری موزیك لە بۆنەکاندا،

زیاتر دەنگی مرۆڤ گرینگی پێدرا و بەکار دەهێندران بۆ بەئاواز خوێندنەوەی دەقە پیرۆزەکانی تەوڕات لە بۆنەکاندا. هەروەها گۆرانیە سیناگۆکیەکانیش دابەشکران بەسەر دوو بەشەوە وەك: (سالمۆدی ـ موناجات).

یەکەم : شێوازی سالمۆدی: بریتیە لە بەرهەمێکی دینی کە ناسراوە بەوەی کە حەزرەتی داود خستویەتیە ناو ئاینەکەوە. لەم شێوازەدا نۆتەی سەرەکی میلۆدیەکە هەمیشە بەبەردەوامی دووبارە دەکرێتەوە و هەندیك جاریش بۆ جوانکاری و دەوڵەمەند کردنی نۆتەی یان دەنگی وردی بۆ دادەندرێت، ئەم شێوازەش یان لەسەر دەقەکانی تەوڕات یا ئنجیل دەوترێ.

دووەم: شێوازی موناجات: ئەم شێوازە تایبەتە بە خوێندنەوەی ئنجیلی پیرۆز و شێوەی گوتنەکەشی لە نێوان گوتنی ئاسایی و گۆرانی دایە، بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە لەم شێوازەدا ووشە گرینگەکانی ناو تێکستە پیرۆزەکان بە نیشانەی ئەکسنت (دووپاتکردنەوە و ڕاوەستان) لەسەریان بەمەبەستی زیاتر

ڕوونکردنەوەی ووشەکان بەکار دەهێندرێت، ئەم جۆرە گۆرانیانەش دەماو دوم و پشتاوپشت گوازرانەوە لە نەوەیەکەوە بۆ یەکێکی تر و دواتریش پێشبینی ئەوە دەکرێت وەك بناغەیەك بۆ ئاینەکانی تریش ماوەتەوە بەتایبەتیش ئاینی مەسیحیەکان و دواتریش وەك بناغەیەك بۆ درووست بوونی موزیکی ڕۆژئاوایی سودی لێ وەرگیراوە.



## سەردەمی ئەغریقیەکان ( ١٤٦ ق.م تا ٤٧٦ )

گریکیەکان هەروەك میللەتانی شارستانیەتی رۆژهەڵات، گرینگیەکی زۆر لە ڕادەبەدەریان داوە بە هونەری موزیك بەتایبەتی و لق و پۆپەکانی هونەر بەگشتی، سەرەتاش توانیویانە لەناو ئەفسانەکاندا بوونی ئەم هوونەرە بدۆزنەوە و دواتریش لەڕێگای ئەو پەیوەندیە مێژووییەی لەنێوان دەنگی مرۆڤ و ئامێرە موزیکیەکان هەیە.

موزیك لای گریکیەکان وەك پیرۆزیەك وەك ژیان وەك بەخشینێکی خواوەند ناسراوە هەروەك لەلایەن زۆربەی وڵاتانی تریش هەمان پێگەی هەبووە، بەڵام موزیك لەلایەن گریکەکانەوە وەك دەربڕینێك بۆ زمانی هونەر واتە نەك تەنیا بۆ دەنگ بەڵکو بۆ شیعر بۆ سەماش بووە و دەربڕیی کردووە لە هەست و خۆشی و ناخۆشی و ئارامبوونەوە بەکارهاتووە یا وەك هێز لە جەنگەکان.. تادوایی.

موزیك و میلۆدیەکان لەم ماوەیەدا هەربە هۆی گێڕانەوە و ئەداکردنی دەماو دەم بەردەوامی کێشا و مایەوە، بەڵام دواتر بەهۆی هێماکانەوە توانیان بە جۆرێك لە جۆرەکان شێوەیەك لە نوسینەوەی ئەم ئاوازانە بنوسنەوە و هێماکانیش گرینگیەکی تایبەتی خۆی هەبوو.


گریکیەکان یەکەم گەل بوونە هەستیان بەوە کردووە کە موزیك زۆر گرینگە بۆ پەروەردە کردنی تاك و گۆرانی سلوکی مرۆیی جا چ بۆ لایەنی باشە یان خراپە، بۆیە هەرزوو لەناو پڕۆسەی خوێندندا موزیکیان بەکار هێناو توانیان گەنجەکانیان بە موزیك و هونەر پەروەردەبکەن.

لە کۆتایی ئەم بەشەدا دەتوانین بڵێن کەئەم سەردەمە واتە سەردەمی (ئەغریقیەکان)، بەسەردەمی سەرهەڵدان و دۆزینەوەی تیۆری (نڤریات) موزیك و مقامات و زەبزەباتی دەنگی (ئەکوستیك)، وە فەلسەفەی موزیکی دادەندرێت، هەروەها ڕۆمانەکان لەم سەردەمەدا بەیەکەم کەس دادەندرێن کە هونەری موزیکیان بەکار هێناوە بۆ بوارەکانی سەربازی وە ڕۆڵی سەرەکیان تیا بینیوە، ئەمەش بەبەکار هێنانی ئامێرە موزیکیە فودارە نوحاسیەکان. ئەمەش بەهەوڵ و لێکۆلینەوەکانی هەریەك لەزانا بەناوبانگەکانی وەك: ( فیساگۆڕس ـ ئەفلاتۆن ـ ئەڕستۆ ).

## پیتاگۆڕ (Pitagor) ٤٨٠ ـ ٥٦٠ پ.ز

زانای بەناوبانگ پیتاگۆڕ کە ماتماتیکزانێکی یۆنانی بووە، لەبواری موزیکدا داهێنەری تیۆری (یەکەیە)، هەروەها بۆ جێ بەجێکردنی ئەم یەکەیەی دەنگ هەڵساوە بە دروست کردنی ئامێرێکی موزیکی تاك وەتەری بەناوی (مۆنۆکۆرد)، بەمەبەستی تێبینی کردنی تەلە لەراوەکە و ئەو دەنگەی لێوەی دێتە دەرەوە.


پیتاگۆڕ توانی بەهۆی دەنگی بنەڕەتیەوە توانی دەنگەکانی ئۆکتافێك دەست نیشان بکات وەك: ١/٢ بۆ بەدەست هێنانی ئۆکتافێك دەبێ درێژی تەڵەکە دوو ئەوەندەی درێژی تەلی دەنگە بنەڕەتیەکە بێ، وەك:





هەروەها دواتر دەنگی پێنجی تەواوی دۆزیەوە کە دەست نیشانی دەکات بە ژمارەی ٢/٣ی دەنگەکەیە و دەکەوێتە نێوان دەنگی بنەڕەت و دەنگی ئۆکتاف. بەواتای ئەوەی کە دوو لەسەر سێی تەڵەکە دەگرێتەوە، وەك:



دواتر بەردەوامی بە تیۆرەکەی دەدات و میانەی چواری تەواو دەدۆزێتەوە و دەست نیشانی دەکات بە ژمارەی ٣/٤ واتە بۆ بەدەست هێنانی میانەی چواری تەواو دەبێ درێژی تەلەکە دابەشی سەر چوار بەش بکەین وە دەنگی چوارەم لە سێ بیەکی چواربەشەکە دەبێ، وەك:




واتە فیساگۆرِس بەم شێوەیە بەردەوامی دابە تیۆرەکەی و توانی گشت میانەکانی پەیژەیەکی تەواو بدۆزێتەوە و دواتریش بەهۆی ئەم پەیژە تەواوەیەوە میانەی پێنج پێنج دەنگی (بازنەی پێنجی) دەست نیشانکرد و پێکی هێنا، وەك:



## نوسینەوەی نۆتە لای گریکیەکان

سەبارەت بە نوسینەوەی نۆت لەلایەن یۆنانیەکانەوە ئەوەی تاوەکو ئێستا زانراوە لەسەر شێوازی نوسینەوەی نۆتە و بەکارهێنانی بۆ یەکەم جار لە لایەن یۆنانیەکانەوە ئەوەیە کە لەم سەردەمەدا دوو جۆر نوسینەوە بەکار هاتوون و هەردوو جۆرەکەش بە پیتەکانی ئەلف و بێ نوسراون بەڵام جۆرێکیان بۆ ئامێری موزیکی بەکار هاتووە، ئەوەی تریان بۆ دەنگی مرۆڤ.

یەکەم/ ئەوجۆرە نوتە نوسینەوەیە بۆ ئامێرەکانی موزیك بەکار هاتوونە: ئەم جۆرەیان بەکۆنترین جۆری نوتە نوسینەوە دادەندرێت. ئەم جۆرەیان هەروەك باسمانکرد پیتەکانی لە ئەلف و بێ ی فینیقیەکانەوە وەرگیرا بوون و شێوازی بەکار هێنانی پیتەکانیش بە گەورەیی (کەپیتۆڵ) دەنووسرانەوە بە سێ جۆر کە ئەمانەن: ١- وەك خۆیان -٢- بە خواری -٣- بە هەڵگەڕاوەیی.

دووەم/ ئەم جۆرەشیان بۆ دەنگەکانی مرۆڤ بەکار هاتوونە، مەبەستمان ئەوەیە بۆ دەست نیشانکردنی بەرزی و نزمی و ئاوازی گۆرانیەکانە.

بەڵام ئەم جۆرەیان بەهۆی ئەلف و بێ ی یۆنانیەکانەوە بەکار هاتوونە جیا لە هی فینیقیەکانەوە، بەڵام ئەوانیش هەر وەك هی فینیقیەکان بە نوسینەوەی گەورە (کەپیتاڵ) بووە. وە لەکاتی بەکار هێنانیشیانەوە زۆر بە دەگمەن دەستکاری پیتەکان کراون، واتە زیاتر وەك خۆیان پیتەکانیان بەکار هێناوە.

شایەنی باسە نوسینەوە لەسەردەمێکی ئاوا زوو کە لە نزیکەی سەدەی چوارەمەوە سەری هەڵداوە و ئەم سەردەمەش بە سەردەمێکی سەرەتایی دێت لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و کەلتوری و معریفی و فکری..تادواتر. ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ کە نوسینەوەکانیان زۆر سادە و ساکار بوونە و بەشێوازیك نوسراونەتەوە کە نەتواندراوە میلۆدیەکان وەك خۆیان بنووسنەوە.

تەنیا ئەوەنەبێت کە وەك بەبیرهێنانەوەیەك بۆ ئاوازەکان و دەنگە (تۆن) سەرەکیەکان و یەك خستنی گوتن و پابەندبوونیان بەکاتەکانەوە بووە نەك نوسینەوەیەکی دەقا و دەق و ڕاست و ڕەوان.
هەربۆیە گەر سەیری کەرەستە و نۆتە و بۆماوەکانی دەنگی و نوسراوەییەکانی ئەم سەردەمە بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە میلۆدیەکان زیاتر پشتیان بە لەبەرکردن (حفظ) بەستووە نەك خوێندنەوەی نۆتە نوسراوەکان. هەربۆیەش دەبینین گۆڕانکاری بەردەوام بەسەر گۆرانیەکان و میلۆدیەکانی ئەو کاتە داهاتوونە بە شێوازێك کە زۆرجار و زۆر لە بابەتەکان و کارەکانیان هەر بە یەکجارەکی لەبیر چوینەوە و نەماوون.

## تیۆری موزیك (نظریات الموسیقی)

دوای تیۆرەکەی زانای بەناوبانگ فیساگۆڕس، و هاوڕکانی سیستمی تۆناڵ (Tonale)ی تەواو دۆزرایەوە. واتە هەر هەشت دەنگەکانی موزیك جێگیر کران. بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژە بۆکردنە ئەوەیە کە یۆنانەکان تا سەرەتای سەدەی چوارەمیش هیچ ئاشنایەتیی و زانیاریەکیان لەسەر هارمۆنیای دەنگ نەبووە یاخود بە واتایەکی تر فرەدەنگی لە موزیکەکانیان بەدی نەکراوە. واتە موزیکەکانیی ئەم سەردەمانە زیاتر یەك دەنگی و یەك هێلی بوونە و کاری موزیك ژەنانیش تەنیا لاسایی و دووبارە کردنەوەی ئەو شتانە بووە کە گۆرانی بێژەکان دەیان ووت، خۆ هەندێ جاریش بەهۆی زۆری ئامێرەکانەوە تەنیا چینەکانی دەنگی ئاوازەکەیان گۆڕیوە واتە هەمان ئاواز بەکار هاتوونە بەڵام بە ئۆکتافێك بەرزتر یا نزمتر.
دواتر ئەوەی لەم سەردەمەدا هەبووە ئەوەیە کە یۆنانیەکان ئەم هەشت دەنگەی موزیکیان بە سیستمی یەك بەدوای یەکی (پەیژە) بەکار نەهێناوە بەڵکۆ ئەم سیستمەی لای ئەوان باو بووە و کاریان لەسەر کردووە سیستمی چووار دەنگی (Tetracorde)ی بووە، واتە چوار دەنگی یەك بەدوای یەکی بەرو خوارەوە بووە و پێك هاتووە لە میانەی چواری تەواو واتە دوو تۆن و نیو.

شایەنی باسە ئەم سیستمەی بەرەو خوار نوسینەوەی نۆتە و بەکارهێنانی لە سەردەمی یۆنانەکانەوە درێژەی هەبوو تا سەردەمی ڕۆمانەکان، وە دواتریش دەبینین موزیکەکانی کەڵێسایی و پەیژەکانی دۆریکۆ و فریجۆ و لیدیۆ..تادووایی هەر بەم شێوەیە و لەسەر هەمان سیستەم نوسرانەوە کە زیاتر گۆرانیەکانی کەڵێسایی ناسرابوون بە گۆرانی گری گۆریانۆ.

شایەنی باسە لەڕێگای ئەم شێوازەی تتڕاکۆردی چواریەدا هەروەك باسمانکرد سێ مقامی یۆنانی دروست دەبێ واتە: لە دەنگی تیتراکۆردەکان دەنگی یەکەم و چوارەمی تیتراکۆردەکە بە جێگیری دەمێننەوە بەڵام دەنگەکانی ناوەوە واتە دووەم و سێ یەم، گۆڕانکاریان بەسەر دادێت هەم لە ڕووی جێگاکانیانەوە هەم لەڕووی قەبارەی میانەکانیانەوە.، وەك:




جۆری یەکەم: تیتراکۆردی دیاتۆنیك (Diatonic)، بەکۆنترینیان دادەندرێت و باوترینیانە لە بەکار هێناندا تاوەکو سەردەمی ئێستاشمان.

جۆری دووەم: تیتراکۆردی کرۆماتیك (Cromatic)،ئەمەیان کەمتر بەکار هاتوونە و زیاتریش لە شوینە قەڵەباڵغ و گەورەکان بەکار هاتوونە کە کاری موزیکی زۆریان لێوە پێشکەش کراون، ئەمەش وەك گۆڕانکاری و نوێ کاریەك لەم بوارەدا.

جۆری سێ یەم: تیتراکۆردی ئین هارمۆنیك (Enarmonic)، دەتوانین بڵین زیاتر ڕۆژهەڵاتیە و لە ڕۆژ هەڵات کاری لەسەر کراوە تەنیا ئەوەنەبێت کە لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان لەلای ڕۆژ ئاواکانیشەوە کاری لەسەر دەکرێت.

لە تیتڕاکۆردی جۆری یەکەمدا، دیاتۆنیك (Diatonic)، و لەڕێگای شوێن گۆڕینی نیو پلە دەنگیەکەیەوە سێ مقامە گریکیەکە دروست کراوە. ئەوانیش کە ئەمانەن:

شێوەی یەکەم مقامی دۆریکۆیە(rico٠D) کە نیوپلە دەنگیەکە دەکەوێتە بەشی خوارەوەی چوار دەنگەکەی تیتڕاکۆردەکە، وەك




شێوەی دووەم مقامی فریجۆیە(Frigio) کە نیوپلە دەنگیەکە دەکەوێتە بەشی ناوەڕاستی چوار دەنگەکەی تیتڕاکۆردەکە، وەك




شێوەی سێ یەم مقامی لیدیۆیە(Lidio) کە نیوپلە دەنگیەکە دەکەوێتە بەشی سەرەوەی چوار دەنگەکەی تیتڕاکۆردەکە، وەك



شتێكی تری ئەم سەردەمە و لەلایەن گریكیەكانەوە كە بەكار هاتووە بریتی بووە لە بەیەك بەستنەوەی تیتڕاكۆردەكان بەیەكەوە بۆ ئەوەی بتوانن هەشت دەنگەكان بەدەست بهێنن وەك ئۆكتافێكی تەواو، وە ئەوان وەك هارمۆنیایەك سەیری ئەم لێك بەستنەوانەیان كردووە، وەك بۆ بەدەست هێنانی ئۆكتافێك لە تیتڕاكۆردی دۆریكۆ هەڵساون بە لێك بەستنەوەی دوو تیتڕاكۆردی دۆریكۆ، وەك:




وە بۆ بەدەست هێنانی ئۆكتافێك لە تیتڕاكۆردی فریجیۆ هەڵساون بە لێك بەستنەوەی دوو تیتڕاكۆردی فریجیۆ، وەك:




وە بۆ بەدەست هێنانی ئۆكتافێك لە تیتڕاكۆردی لیدیۆ هەڵساون بە لێك بەستنەوەی دوو تیتڕاكۆردی لیدیۆ، وەك:



سەبارەت بەم شێوە نوسینەی لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەگەڕێتەوە بۆ پیرۆزی موزیك كە وەك دیارییەكی خوایی كە لە ئاسمانەوە دابەزیوە سەیركراوە و بەكار هاتووە تا سەدەكانی ناوەڕاست گۆرانی بەسەر دادێت و لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەنوسرێت.

## چاخی ڕۆمانسیك ٢٥٠ق.م تا ١١٥٠

موزیك لەلایەن مەسیحیەكانەوە گرینگیەكی تایبەتی هەبوو هەروەك گرینگی هەبووە لەلایەن میللەتەكان و ئاینەكانی پێش مەسیحیەكانیش. بەڵام لەلایەن مەسیحیەكانیش هەروەك میللەتەكانی تر سەرەتایەكی ڕوون و ئاشكرای نەبووە و نەتواندراوە كە بەتەواوەتی بەڵگەكان و دەست نوس و كەرەستەكانی پارێزگاری لێ بكرێت. بۆیە تاكە سەرچاوە كە لەبەر دەست دابێت بۆ ڕونكردنەوەی گرینگی موزیك لە ئاینی مەسیحی دا بریتیە لە دوو لایەنی بەهێز كە ئەمانەن:

یەكەم: خوێندنەوەی تێكستە پیرۆزەكانی ئنجیلە بە تراتیل و گۆرانی كە لاسایی كردنەوەی میلۆدی دینی یەهودیەكانە، كە سەرەتا ئەم گۆرانیانە لەناو كەڵێساكانی ڕۆژئاوا دەوتران، وە نەئەبوو هیچ ئاواز و میلۆدییەكی تر بهاتبایە ناو كەڵێساكانەوە، جگە لە میلودی كەڵێساكانی ڕۆژهەلات. هەربۆیەش موزیكی سەرەتایی مەسیحیەت هەمووی گۆرانی و میلۆدی و شێوازی ڕۆژهەڵاتی بووە.

موزیك لەسەرەتای مەسیحیەت دا

لەگەڵ ئەمانەشدا مەسیحیەت زۆر بە ئاستەم گەشەی دەكرد و لە چوار چێوەیەكی دیاریكرا و بڵاو دەبووە وە ئەمەش بەهۆی بەهێزی ئمپراتۆریەتی ڕۆمانەكانەوە بووە.

دووەم: دوای ئەوەی كە ئیمپراتۆریەتی رۆمانی مەسیحیەتی قبوڵ كرد وەك ئاینی ڕەسمی ئیمپراتۆریەتەكەی، ئەوسا ئاینی موسیحی و موزیكیش وەك بەشەك لە ئاینەكەدا بە ئاسانی بەهەموو سنوری ئاسیا و ئەوروپا و ئەفریقیا بڵاو بوونەوە.

واتە ژمارەی ئەو میللەتە جیاوازانەی هاتنە سەر ئاینی مەسیحیەت زۆر زیادی کرد بوو و لە زیاد بونیشدا بوون، هەم لەڕووی زمانەوانیدا، هەم لەڕووی کەلتوور و لەروی نەریتیشەوە نەریتی زۆر جیاوازی هاتە ناوەوە. ئەمانە هەمووی وایکرد کە ئیتر هەر ناوچەیەك بە شێوەی تایبەتی خۆی بۆنەو ئاینەکەی پەیڕەو دەکرد.

لە ئەنجامدا لەساڵی ( ٣١٣ ز )، مەسیحیەکانی ئیتاڵیاش ئازاد بوون لە شێوەی عیبادەت کردنەکەیان و دروست کردنی کەڵێساکانیان، هەروەك میلەتانی تر.

هەرلە دروست بوونی مەسیحیەتەوە قەشە سانت ئاگۆستینۆ (Sant Agostino)، هەست بە گرینگی موزیك دەکات و بۆی دەردەکەوێ کە موزیکدەتوانێت ڕۆڵێکی گەورە و بەهێز ببینێ بۆ مەبەستی ڕاکێشانی خەڵك بە باوەڕهێنانیان بە مەسیحیەت لەلایەك وە یارمەتی ئیمان دارەکان بدات بۆ دەربڕینی ناخ و دەرونیان لە خواپەرستیدا لەلایەکی ترەوە. هەروەها بلاوبونەوەی ئاینی مەسیحیەت لەناو میللەتانی جیاواز، ئەمانە هەمووی بوونە هۆی ئەوەی کە گۆڕانکاری گەورە لەناو ئاینەکە و موزیك دا بێتە ئاراوە.

بەتایبەتی لەناو گۆرانی بۆنە ئاینیەکاندا، یەکێك لەم شێوازانەی کە زۆر باو بووە شێوازی گوتنی (سالمۆد) ی یەهودیەکان بووە، هەروەها شێوازێکی تر کەلە ئیتاڵیا لەشاری میلانۆ لەسەر دەستی قەشە ئەمبۆجۆ (Ambrogio)، سەری هەڵدا بریتی بوو لە سالمۆدی ئەنتیفۆناڵ (Salmodie Antiphonale)، کە دواتر ئەمە بەیەك جارەکی جێگای خۆی گرت، ئەم شێوازەش بریتی بوو لە دابەشکردنی گروپی کۆرسەکان بەسەر دوو بەشەوە، لەکاتی وەرگرتنەوەی میلۆدیەکاندا لەیەکتریان وەردەگرتەوە.

ئەم شێوازە ناوبانگێك و بڵاو بونەوەیەکی بەر فراوانی بەخۆوە بینی و ناسرا بە گۆرانی ئەمپرۆزیانۆ (Ambrosiano)، واتە لەسەردەمی پاپا (گریگۆریۆ)ی یەکەم (٥٤٠ – ٦٠٤ز)، ئەنتیفۆناریۆ درووست دەبێت. لەشێوەی کتێبێکی گەورە کە هەڵبژێردراوی گۆرانیە پیرۆزەکانی تیا کۆکرا بۆوە. ئەم کۆکردنەوە و سنوردار کردنەش لەلایەن کەڵێسای ڕۆمانیەوە بوو کە وەك بنەمایەك بەکار دەهێندران بۆ

ئەوەی تەنیا ئەم گۆرانی و ئاوازانە لەناو کەڵێساکانەوە پەیڕەو بکرێن و بەکار بهێندرێن. هەر ئەمەش بوو لە دواتر لە هەموو ئەوڕوپادا بڵاو بۆوە و ناسرا بە گۆرانی (گریگۆریانۆ) کان.

شایەنی باسە گۆرانی گریگۆریانۆ دەبێتە هاندەرێکی گەورە بۆ ئەوەی چاکسازی گەورە بکرێت لە دوایدا لەناو کەڵێساکاندا. وەك: دروست کردن و کردنەوەی قوتابخانەی فێرکردنی گۆرانی لە ڕۆما. کەناسرابوون بە قوتابخانەی کانتۆرم (Cantorum)، کەماوەی خوێندن تیایدا نۆ (٩) ساڵ بوو. بۆ ئەوانەی وەك دەنگ بێژ لە کەنیسەکاندا کاریان دەکرد.

## خەسڵەتەکانی گۆرانی گریگۆریانۆ

یەکەم/ شێوازی گۆرانی گریگۆریانۆ شێوازێکی گۆرانی گوتنە بەبێ هاوکاری و بەکارهێنانی ئامێری موزیکی تیایدا.
دووەم/ شێوازی گوتنەکەی دەکرێتە چەند شێوەیەك لەوانە:
أ ـ تاکە کەسی صۆلۆ.
ب ـ گوتنی بە کۆمەڵ کۆڕس.
ج ـ شێوازی دیالۆك لە مابەینی کۆرسەکە و صۆڵست.
د ـ بەشێوەی بەشکردنی گروپەکە بۆ دوو بەش و وەڵامی یەکتری دەدەنەوە، کەدەبێ بە گۆرانی یان شێوازی ئەنتیفۆناڵ.
هـ ـ ئەم شێوازەی گۆرانی گوتنە بە ڕیتمی ئازاد واتە بێ ڕیتم بە تیمپۆیەکی هێمن ئەنجام دەدرێت و تامو چێژێکی تایبەتی لە خوا پەرستیەکە دروست دەکات.

ئەوەی ماوەتەوە بیڵێین ئەوەیە گۆرانیەکانی گریگۆریانۆ توانیان بۆ ماوەیەکی زۆر خۆ ڕاگر بن و نزیکەی دوو سەدە کاریان لەسەر دەکرا لە هەموو کەڵێساکانی ئەوڕوپا.

## دەرچوون یا لادان لە تێکست و ئاوازە دینیەکان

دوای ئەوەی کە گۆرانیە گریگۆریانۆکان دەست نیشان کران وەك گۆرانی فەرمی لە کەنیسەکاندا وە دەتواندرا ئاوازەکان لەگەڵ تێکستە پیرۆزەکان وەك خۆی بەبێ گۆڕانکاری و دەست پێوەردان و شێواندن جێ بەجێ بکرابوایە، بەڵام گۆرانی بێژەکانی سەدەکانی دواتر واتە لەگەڵ تێپەڕ بوونی کات، توانیان ئەم ڕێچکەیە سەبر سەبر بشکێنن و لەم ڕێباز و کۆت و بەندانە دەربچن کە ئاوازە سنور دارەکان بوون. هەرچەندە قەشەکان و پاپا کان زۆر بەتوندی دژی ئەم گۆڕانکاریانە و گۆرانی بێژان وەستانەوە و چەندین سزا و شێوازی توندیان گرتەبەر بۆ بنە بڕکردنی ئەم شێوازە بەڵام لە دوایدا ناچار بوون بەوەی ڕێگا بە گۆرانی بێژان بدەن کە تەنها لەبەشی کۆتایی کە ئالالۆیا بوو ئازادبن و دەرچن لە دەقەکان. ئەمەش بۆ دوو مەرام بوو. کە ئەمانەن :

یەکەم/ بێ دەسەڵاتیان بەرامبەر ئیرادە و توانا و ئارەزووەکانی گۆرانی بێژەکان.

دووەم/ بۆ ڕاکێشانی خەڵکی زیاتر و بزواندنی بیر و هەست و سۆزی خەلکەکە بۆ خۆیان، بۆ ئاینەکە.

لە ئەنجامی ئەم شێوازە دەربڕینە ئازادەدا چەند پێشکەوتنێکی تر هاتە کایەوە، بەتایبەتیش شێوازی جوانکاری (زەغرەفە)ی دەنگی بوو. وە لە ئەوڕوپا بڵاو بوونەوە تا وای لێهات کە زەغرەفەکان سەبر سەبر رویان لەزیادبووندا بوو، بەمەش ئاوازی تر و میلودی تر هاتنە ناو تێکستەکان و تا ئەو کاتەی کە بۆ هەر تێکستێکی پیرۆز ئاواز و ڕیتمێکی تایبەت دەگوتران و دەقەکانیش بە شێوەی جیا جیا و بە کۆرس و بە وەڵام دانەوەی دوو گروپ دەکران.

دواتر لەسەدەی ناوەڕاست دا لە نزیکەی (١٥٤٠)، کۆمەڵەیەکی تر بەناوی (ترینتینۆ)، سەریان هەڵدا بەمەبەستی ئەوەی ئەم زیادە ڕۆیی و نویّ کاریانەی لە پێش سەردەمی ناوەڕاست هاتونەتە ناو ئاینی مەسیحیەوە دەبیّ پاك چازی و خاوێن کردنەوەی بۆ بکرێت و گشتی فڕیّ بدرێتە دەرەوە. بەڵام ئەم هەوڵو ماندوبونانەی ئەم کۆمەڵەیە بیّ سود بو بەڵکودواتر موزیکیش شان بەشانی تێکست و گۆرانیەکان دەژەندران. هەر ئەمەش بوو کە دواتر بو بە سەر هەڵدانی کۆڕاڵ کە لەسەرەتادا بەیەك خەت دەنوسراوە.

## پەیژە و مقامە موزیکیەکانی کەنیسە

سرروودە ئاینیەکانی کەنیسە کە ناسرابوون بە سرروودە گریگۆریانۆکان لەسەر یەك هێلی ئاوازی (هۆمۆفۆنی) دەنوسرانەوە و پەیوەست بوون بە دەقە ئاینیەکانی ئنجیلی پیرۆز، ئاوازەکانیش زیاتر بە سیانی گەورە و سیانی بچووك زیاتر ناو زەد دەکران واتە مێجەر و ماینەر، کە پەیژەکانیشیان لە پێنج تۆنی تەواو و دوو نیوە تۆن پێك هاتبوون بەڵام بەپێی گۆڕینی شوێنی نیو تۆنەکانەوە پەیژەکەشیان گۆڕانکاری بەسەر دادەهات. بەشێوەیەکی گشتی پەیژە موزیکیەکانی کەنیسە بەسەر دوو بەشەوە پۆلێن دەکران، وەك:

یەکەم/ مقامە سەرەکیەکان (الاصليه).
دووەم/ مقامە لاوەکیەکان (الفرعيه).


یەکەم/ مقامە سەرەکیەکان (الرئيسية)
ئەم مقامانە ژمارەیان چوار مقامە یاخود دەتوانین بڵێین لە چوار پەیژەی سەرەکی پێك دێن کە ئەمانەن: ( ڕێ ـ می ـ فا ـ سۆڵ ). هەرمقامێکی سەرەکی بەچ دەنگێك دەست پێدەکات بەهەمان دەنگی بەرزتر لەو (ئۆکتاف)، کۆتایی دێت. بەڵام ئەوەی جێگای ئاماژەیە ئەوەیە لە هەر پەیژەیەك یا مقامێکی سەرەکی نۆتەیەکی زۆر گرینگ هەیە کە مقام و ئاواز و میلۆدییەکان زۆر لە دەوری ئەم نۆتەیەدا

دەخولێنەوە ومقامەکەی لەسەر جێگیر دەکرێت، ئەویش دەنگی پێنجەمە. واتە ئەگەر دەنگی سەرەکی ( ڕێ ) وەگرین ئەوا دەنگی پێنجەمی دەبیت بە دەنگی ( لا )، کە ئەویش وەك نۆتەی سەرەتای مقامە لاوەکیەکە دەناسرێت .

دووەم/ مقامە لاوەکیەکان (الفرعیە)

دەنگی پێنجەمی هەر مقامێکی سەرەکی دەبێت بە دەنگی یەکەمی مقامێکی لاوەکی هەروەك لەسەرەتاوە باسمانکرد، واتە مقامە لاوەکیەکان بریتین لە: ( لا ـ سی ـ دۆ ـ ڕێ ).

بۆ زیاتر ڕونکردنەوە بروانە ئەم نمونانەی خوارەوە:



کەواتە لەمقامە سەرەکیەکان نۆتەی کۆتایی دەنگی پێنجەمی پەیژە سەرەکیەکەیە و میلۆدیەکانی لێ کۆتایی دێت و ئاوازەکان لە چوار دەوری ئەو نۆتەیە دەخولێنەوە، بۆیە دەبون بە سەرەتا یان دەست پێکی مقامە لاوەکیەکان.

بەڵام لە مقامە لاوەکیەکاندا نۆتەی چوارەم نۆتەی کۆتاییە و سەرەتای نۆتەی دەست پێکی مقامە سەرەکیەکانن.

لەکۆتایدا دوو جیاوازی گرینگ دەبینین لە مابەینی پەیژەکانی یۆنانەکان و پەیژەکانی کەنیسەی ڕۆژ ئاوادا ئەوانیش بریتین لە :

یەکەم/ پەیژەکانی کەنیسەی ڕۆژئاوا ژمارەیان هەشت پەیژەیە هەروەك لە سەرەوە باسمانکردن. بەپێچەوانەی یۆنانەکان کە ژمارەیان سێ پەیژە بوون.
دووەم/ پەیژەکانی موزیکی یۆنانی لە سەرەوە بۆ خوارەوە دەنوسران و کاریان لەسەر دەکران، بەڵام پەیژەکانی کەڵێسای ڕۆژئاوایی لە خوارەوە بۆ سەرەوە دەنوسرێن و کاریان لەسەر دەکرێت.

## سەرەتای دروست بونی پۆلیفۆنی

شێوازی نۆتە نوسینەوەی گریگۆریانۆ دوای ئەم هەموو پێشکەوتنە مەزنەی بەخۆیەوە بینی هێشتا بەبەردەوامی لە هەوڵی نوێ کاری و بەرەو پێشوە چوونی زیاتر بوون بۆی و لق و پۆپ و فرعی تری لێ دەبۆوە. یەکێکیش لەم پێشکەوتنانەی بەخۆیەوە بینی بریتی بوو لە نوسینەوەی موزیکی کەڵێسایی بە شێوازی پۆلی فۆنی (تعدد الاصوات). فرە دەنگی. جیاواز لە شێوازی هۆمۆ فۆنی (یەك دەنگی).

ئەم شێوازە مەبەستمان (پۆلی فۆنی) یە، بریتیە لە گوتن یا ژەنینی ئامێر لەلایەن دووکەس یا زیاتر، لەیەك کاتدا، بە دوو میلۆدی یا زیاتر لە دوو میلۆدی جیاواز. کە بەیەکەوە بەسترابنەوە لەگەڵ یەکتری بەهۆی پەیوەندیەکی بەهێزی هارمۆنیەوە. بۆنمونە: ئەگەر دەنگی (صۆڵ) هەڵبژێرین کە دەنگی پێنجەمە واتە (D)، دۆمینانتە، دەتوانین کۆردی تۆنیك (T)،هەڵبژێرین چونکە کۆردەکەی دەنگی صۆڵی تیایە. هەروەها دەتوانین کۆردی (D)،دۆمینانتیش هەڵبژێرین چونکە هەمان دەنگە تیایە. بەم شێوەیە و چەندین شێوازی تر یا پەیوەندی هارمۆنی دەبوو ئاوازە جیاوازەکان بەیەکەوە ببەسترابانەوە.

شایەنی باسە هەروەك لە وانەکانی پێشووتریش باسمانکرد ئەم شێوازو گۆڕانکاریانە لە فۆڕمی کەڵێسایی تەنیا بۆ نوێ کاری و ڕاکێشانی هەست و نەستی تاکەکان بووە بۆ لای پیاوانی ئاینی و دەسەڵات دارەکان و ئاینەکە. هەربۆیەش دروست بوونی پۆلی فۆنی و کارپێکردنی لەناو ئاوازو میلۆدیەکانی کەڵێسا زیاتر بۆنوێکردنەوەی گۆرانیەکانی کەڵێسا بوون. بۆیەش بالا دەستەکان و پیاوانی موزیك زان و ئاینی هەرلە سەدەی نۆهەمەوە (٩)، کەوتنە بڵاوکردنەوەی ئەم هەوڵانەیان بە مەبەستی هاوکاریکردنی (مساحبە)ی میلۆدیەکی ئاینی کە پێشتر ناسرابوو بە کانتۆس فێرمووس (Cantus Firmus). واتە میلۆدیەکان تێکەڵ دەکران لەگەڵ میۆدیەکی تر بەبێ ئەوەی کاریگەری یان لە گرینگی میلۆدیە سەرەکیەکە کەم ببێتەوە.

کەواتە ئەم دوو میلۆدیە بە شێوەی نۆتە بەرامبەر نۆتە دەنوسرانەوە، دواتر ئەم شێوازە بە کۆنترا پۆینت ( Contra punto)،ناسراو بڵاو بۆوە. بەم شێوە پۆلیفۆنی دەنگی لەدایك دەبێت و بە گەورەترین دەست کەوتەکانی سەدەی ناوەڕاست ناوزەد دەکرێت.


## ئۆرگانۆم ( Organum )

ئۆرگانۆم ووشەیەکی لاتینیە، وە بەیەکەم فۆرمی سەرەتایی پۆلی فۆنی هەژمار دەکرێت و واتای ڕێکخستن یا پێکەوە لکان دەدات. شایەنی باسە لەسەرەتای سەدەی هەشتەمەوە لە ئینگلتەرا شێوازی نوسینەوەی موزیك یا ئۆرگانۆم سەری هەڵدا و دروست بوو. کە سەرەتا وەك تەکنیکێکی سەرەتایی نۆتە بەرامبەر نۆتە بوو. کە قەشەکان پێیان وابوو کە ئەم شێوازە نوسینەوەی گۆرانی و میلۆدیەکانی کەنیسە زۆر گونجاو و لەبارە و جۆرە جوانیەك دەبەخشێ وەك جوانی گەردوون وایە بۆ تێکست و ئاینەکەیان. یەکەم قۆناغی گەشەکردنی ئۆرگانۆم بۆ خواروی فەرەنسا دەگەڕێتەوە و لەوێوە سەری هەڵدا و گەشەی کرد. قۆناغی دووەمی گەشەکردنی ئۆرگانۆم بۆ شاری پاریس وە لە کەنیسەی نۆتردام پێشکەوتنی گەورە بەسەر پۆلی فۆنی دادێت. وە لەوێوە بۆ ئیسپانیا و بۆ ئنگلتەرا گەشە دەکات و بڵاو دەبێتەوە.

میلۆدیەکی گریگۆریانۆیان دەهێنا کە دەناسرا بە دەنگی سەرەکی، مساحەبە دەکرا بە میلۆدیەکی تر، کە بە دەنگی ڕێکخراو دەناسرا، وەئەم مساحەبەکردنەش بە شێوەیەکی گشتی لە دەنگە گرەکان وەردەگیران.

هەندیك جار ئەم دوو هێلە دەنگیە، دوو هێلی تری میلۆدی بۆ زیاد دەکرا هەر بەهەمان شێوەی دوو هێلەکەی سەرەوە بەلاّم لە ئۆکتافێك بەرزتر.

زۆر جۆر و شێوازی بەینی میانەکانی ئەم دوو هێڵە بەدی دەکران لە نوسینەوەی ئۆرگانۆمەکاندا وەك: لە سەرەتادا میانەی بەینی دەنگی سەرەکی و دەنگی ڕێکخراو بە میانەی چواری تەبا واتە ٢/٢،١ تۆن بوون دواتر بۆ بە میانەی پێنجی تەبا ٢/٣،١ تۆن لە سەرەتاوە تا کۆتایی. دواتر لە سەدەکانی یانزدە هەمەوە دەنگەکانی دووانی و سیانی بەکار دەهێندران بە شێوازی جۆراو جۆر وەك بەکارهێنانی جوڵەی هاو ئاراستە و پێچەوانە و فراوانکردن و بچوك کردنەوە. وەك:



## ئارس ئەنتیکوە (Ars Antiqua) ١١٥٠ – ١٣٥٠

ئەم سەردەمە سەردەمێکی کورتە و لە نێوانەکانی سەردەمی ڕۆمانسیك و سەردەمی ڕێنیسانس دەبێت، وە لەدەورووبەری ساڵانی ١٢٠٠ دەگرێتەوە و سەردەمێکی تری بەدواوە دێت بەناوی (ئارس نۆڤە)، کە ئەویش سەردەمێکی تاڕادەیەك کورت دەبێ. لە ڕاستیدا ئەم دوو سەردەمە زیاتر بە سەردەمی هونەری کۆن و هونەری نوێ ناسراون و ناوزەد کراون بۆیە پێمان باشە زۆر بەکورتی تیشك بخەینە سەر پێشکەوتنە دیارەکانی ئەم دوو هوونەرە و داهێنانەکان لە بواری موزیکی دا .

لەسەردەمی هونەری کۆن یا ئارس ئەنتیکوە، یەکەم قوتابخانەی پیتاگۆری ئەوڕوپی لەدایك دەبێت، کە ئەویش قوتابخانەی (نۆتردام)ە لە پاریس. هەروەك پێشتر باسمانکرد کە خوێندن لەم قوتابخانەدا ماوەی نۆ(٩) ساڵ بو .

قوتابخانەی نۆتردام جەخت لە نوسینەوە و خوێندنەوەی دەنگەکان و موزیکەکان بو وە دابەش کردنی موزیك بوو بە شێوازی پۆلی فۆنی (تعدد الاصوات)، کە هەردوو موزیك زانی بەناوبانگ لیۆنینۆس (Leoninus)و پێرۆتینۆس(Perotinus) ، کە کاری زۆریان کرد بۆ فراوان کردن و پێشکەوتنی ئەم فۆڕمە موزیکیە لە قوتابخانەی نۆتردام لە پاریس بۆ پێشکەوتنی شێوازی موزیك لەکەڵێساکاندا.

نوێکاریەکانی موزیك زانی بەناوبانگ لیۆنینۆس(Leoninus)، بریتی بوون لە زیادکردن یا فراوانکردنی دەنگەکان یان هێلەکانی شێوازی موزیکی (ئۆرگانۆم)، لە دوو دەنگەوە یان هێلەوە بۆ سێ یان چوار (٣ ـ ٤)، وە موزیك زانی بەتوانا پێرۆتینۆس (Perotinus) یش ئەوەندەی تر جەختی لەسەر ئەم فراوان بوونەوە کردەوە و زیاتر بەرەو پێشی برد، ئەمەش وایکرد کە شێوازی دووبارە کردنەوە و لاسایی کردنەوە(Imitation) ، سەر هەڵ بدات .

شێوازی نۆتە نوسینەوەی ئارس ئەنتیکوە یا سەدەی ناوەڕاست

شایەنی باسە یەكێك لە دەست كەوتەكانی سەردەمەكانی یەك لەدوای یەكی پێشوو تر بەدیهێنانی نوسینەوەی نۆتەو پێشكەوتنی قوناغە یەك لەدوای یەكە كانیەتی و هەرلە زوو وەوە موزیك زانان هەستیان بەوە كردووە كە تا شێوازێكی تۆكمە و تەواو دانەڕێژن لە بواری نوسینەوەی نۆتەی موزیكی ناتوانن حەزو ئارەزووو داهێنانەكانیان بەرەو لوتكە بەرن بۆیە بە بەردەوامی و بێ ماندوو بون بەردەوام بوونە لە پێشكەوتن و گەشە پێدانی شێوازی نۆتە نوسینەوە .
لەم سەردەمەشدا دەبینین جۆر و شێوازی نۆتە نوسینەوە بۆ سێ بەش یان جۆر دابەشكراوە كە بریتین لە:
یەكەم / شێوازی نۆتە نوسینەوەی ئەلف بێ.(A - B)
دووەم / شێوازی نۆتە نوسینەوەی نیۆماتیكی.(Neumatic)
سێیەم / شێوازی نۆتە نوسینەوەی مێنسۆڕاڵی.(MensuraL)
سەرەتا با بزانین شێوازی نۆتە نوسینەوەی ئەلف بێ - A (Bی. چیە: لەم شێوازەدا پیتەكان و ئەلف بێی لاتینی بەكاردەهێندران، نەك ئەلف بێ ی یۆنانیەكان (گریك)، چونكە ئەلف بێ ی لاتینیەكە زیاتر بۆ ئەم پارچە موزیكانە بەكار هاتوونە كە ئامێری بوونە، وە هی گریكیەكان بۆ لایەنی تیۆری و ناو پەڕتوك و خوێندنەوەی دەنگی بەكار دەهێندران هەروەك لە وانەكانی پێشووتر بە درێژی باسمانكردوونە.

یەكەم كەس كە پیتەكانی ئەلف بێ ی لاتینیشی بەكار هێنابێ بۆ نوسینەوەی نۆتەی موزیكی لَكۆڵەر بۆیزۆ(Boezio)بووە، كە بەكار هێنانەكەشی بەم شیوەیە بووە :
A = do > B = re > C = mi > D = fi > E = soL > F = La > G = si

دووەم / شێوازی نۆتە نوسینەوەی نیۆماتیكی(Neumatic) ،
لەم شێوازەیان بەرزی پلە دەنگیەكان و سروشتی میانەكان دیاری

دەکران، وە زیاتر بۆ گۆرانیە یەك دەنگیەکان یان یەك هێڵەکانی دینی و دنیایی بەکار دەهێندران.

سێیەم / شێوازی نۆتە نوسینەوەی مێنسۆڕاڵی (MensuraL)، ئەم جۆرەیان دوای پێشکەوتنەکانی شێوازی پۆلی فۆنی سەری هەڵداو پەیدا بوو کە هەمان شێوازی نۆیماتیکیە بەڵام بە دەست نیشانکردنی ماوەی (خایاندن)ی دەنگەکانیش، واتە بەرزی پلە دەنگیەکان و سروشتی میانەکان و خایاندن.

لەگەڵ شێوازی نۆتە نوسینەوەی نۆیماتیك و پاشان مێنسۆڕاڵ دەست دەکرێت بە بەکار هێنانی نۆیم و نیشانەکان لەسەر هێڵە کانی موزیك، بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەمانەش و هەنگاوەکانی نوسینەوەی نۆتەی موزیکیش سەیری ئەم نمونانە بکە:


## شێوازی نۆتە نوسینەوەی ئارس ئەنتیکوە یا سەدەی ناوەڕاست

أ- نوسینی دەنگەکانی موزیك بە هێما (نویمات) لە سەدەی حەوتەم.



ب- نوسینی دەنگەکانی موزیك لەسەر یەك هێل لەنزیکەی سەدەی دەیەمی زانینی بوو.

نمونەی 1



ج- نوسینی دەنگەکانی موزیك لەسەر دوو هێڵ دوای چەندین ساڵ لەهەمان سەدە.

د- نوسینی دەنگەکانی موزیك لەسەر چوار هێل لە سەدەی سێزدەهەم.



نمونەی 2



هـ- نوسینی دەنگەکانی موزیك لەسەر پەیژەی گەورە یان یانزدە هێل لە سەدەی پانزدەهەم.



و- نوسینی دەنگەکانی موزیك لەسەر پێنج هێل لە چاخەکانی ناوەراست لە سەدەی شانزدەهەم و حەڤدەهەم دا.



هێلە یاریدەدەرەکانی پێنتە گڕامی موزیك و کلیلەکان:




کلیلەکانی پێنتە گڕامی موزیکی:



## سیستێمی موزیکی

دوای ئەم هەموو گۆڕأنکاری و هەوڵو ماندو بوونەی کرا بۆ جێگیر بونی پێنتە گڕام و شێوازی نوسینەوەی نۆتەی موزیکی دەبینین هێشتا پلەی بەرزی و نزمی دەنگەکان و کات و خایاندنەکانی بەتەواوەتی دیاری نەکراوە و کێشەی لەسەرە بۆیە موزیك زانان و لێکۆلەرەوەکان کەوتنە هەوڵی زیاتر و ماندوبونی بەردەوام تا ئەو کاتەی کە قەشەیەك بەناوی گۆیدۆ ئریزۆ(Guido Arezzo) ، ٩٩٢ ـ١٠٥٠ ژیاوە و بەڕەچەڵەك ئیتاڵی بووە. هەڵسابە دانانی سیستمێکی نۆتە نوسینەوەی موزیکی کە بەتەواوی پلەی بەرزی و نزمی دەنگەکانی پێ بناسرێتەوە هەروەها نرخی هەمیشەیی نۆتەکانیشی پێ دیاریکرد و سیستمەکەشی ناونابە سیستێمی ئێزەکۆرد.(Esacord)

ئێزەکۆرد بریتیە لە زنجیرە دەنگێکی یەك بەدوای یەکی بەرەو سەرەوە، میانەی دەنگەکانیش بە یەك تۆن یەك تۆن نیو تۆن یەك تۆن یەك تۆن دیاری دەکرێت و شوێنی نیو تۆنەکەش لە ناوەراستی شەش دەنگەکەیە.

شایەنی باسە گۆیدۆ ئەم شەش دەنگەشی کە لە سیستێمی ئێزە کۆرد بەکاری هێناوە لە سروودێکی زۆر بەناو بانگ بەناوی سان جۆڤانی(S.Giocauni) ، کەلەلایەن هەموو گۆرانی بێژان و خەڵکی ئەم سەردەمەوە ناسراوە، وە تێکستەکەی پیرۆزە. وەریان دەگرێت، بە مەرجێ لەسەرەتای هەر ڕستەیەکی سروودەکە دوو پیت وەر دەگرێت. وەك:

Ut queant Laxis / Resonare fibris /Mira gestorum
Famuli tuorum / Solve pollti / Labii reatum
Sancte Johannes

ئەم دەنگانەی سەرەوە ئەگەر ڕیز بکرێن یەك بەدوای یەکەوە دەبینین کە دەنگەکانی دۆ ڕێ می لێ دروست دەبێ، وەك:

١- دەنگە موزیکیەکان ( Musical Sound) :

| | | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | ١ | > ٢ | > ٣ | > ٤ | > ٥ | > ٦ | > ٧ | > ١ |
| ئیتاڵی | Do | > Re | > Mi | > Fa | > Sol | > La | > Si | > Do |
| کوردی | دۆ | > ڕێ | > می | > فا | > صۆڵ | > لا | > سی | > دۆ |

سرووشتی یە واتە دۆ ، دووەمیان ئێزە کۆردی ڕەقە واتە صۆڵ ، سێ یەمیشیان ئێزە کۆردی نەرمە واتە فا ، ئەم دەنگانە یان ئێزە کۆردانە (دۆ ـ فا ـ صۆڵ). ئەمرۆ ناسراون بە (T – S –D). واتە دەنگە ئەساسیەکانی پەیژە.

## قوتابخانەی فڕانکۆ فیامینگ (Franco Fiamming)

قوتابخانەی فڕانکۆ فیامینگ یەکێکە لە قوتابخانە هەرە گرینگەکانی فەڕەنسا و ئەم قوتابخانەیە وەك دامەزرێنەری هونەری نوێ لە فەڕەنسا دەبیندرێت و ڕۆڵی کاریگەر و سەرەکی هەبوە لە بەرەو پێشوە چوونی هونەر بەگشتی و موزیك بەتایبەتی.
شایەنی گوتنە ئەم قوتابخانەیەش یەکێك بوو لە خاڵە باشەکانی شۆڕشی فەڕەنسی و لە ئەنجامی یاخود لە میانەی بەردەوامبوونی ئەم شەڕە درێژخایەنەی فەڕەنسا سەری هەڵدا و دروست بوو کە شەڕەکە ماوەی نزیکەی سەد ساڵی خایاند.
یەکێك لە کارە گرینگەکانی ئەم قوتابخانەیە و ڕۆڵی لە پێشوە چوونی بواری موزیك بریتی بوو لە:
یەکەم: درك پێکردن و دۆزینەوەی هەموو سەرچاوەکانی نوسینی کۆنترا پۆینت.
دووەم: یەکێك لەم خاڵانەی ئەم قوتابخانە گرینگی پێدا فۆڕمە قەداسەکانی کەنیسەیی و ئاینی مەسیحی بوون لەم سەردەمەدا، وەك : قەداس ، مۆتێتی ئاینی ، مۆتێت و گۆرانی میللی.
سێ یەم: فراوانکردنی کۆنترا پۆینت لە قوتابخانەی فرانکۆ فیامینگ بە شێوازی لاسایی کردنەوە کەناسرا بوو بە کانون (Canone).
شایانی باسە شێوازی لاسایی کردنەوە (Imitation)،یا کانون (Canone)، لەسەدەکانی دوای سەردەمی ئارس نۆڤە و سەدەی ڕێنسانس لە چاخەکانی پانزدە و شانزدە دا (١٥-١٦)، مانایەکی زۆر فراوانتر و گەورەتری لەخۆگرتبوو، بەبەراورد لەگەڵ ئەم واتایەی کە ئێستا هەیەتی لەلایەن ئێمەوە.
بۆیە ئەگەر بێین واتای وشەی کانون لێك بدەینەوە و خوێندنەوەیەکی بەراوردکاری بۆ بکەین ئەبینین بەم شێوەی خوارەوەیە:

یەکەم: کانونی مێنسۆراڵ، بەواتای هەمان میلۆدی و ئاواز لەهەمان کاتدا لەلایەن چەند گۆرانی بێژێك ئەنجام ئەدرا، بەڵام بە ڕیتم و تیمپۆی جیاواز.
دووەم: کانون بەواتای نوێ یەکەی، واتای فۆڕمی فیوگ (Fugue)، یا فوگە (Fuga)، دەگەیەنێت.

## فیوگ (Fugue)

یەکێك بووە لەو فۆرمو قاڵبانەی کە میلۆدی و ئاوازەکانی سەدەکانی شانزەهەمی گۆڕی لە تەنیا هێڵێکی میلۆدی ئاسۆییەوە بۆ چەند هێڵێکی میلۆدی ئاوێتەبووی یەکتری، کەئەوەش پشت دەبەستێ بە هەردوو شێوەی ( کۆنتراپۆینت ) و ( پۆلی فۆنی )، لەسەدەی شانزەهەمدا فۆرمی فوگە شێوەیەکی جێگیری وەرگرت ئەمەش زیاتر بە هەوڵی موزیك زانانی وەك ( باخ و هاندڵ ).
فۆڕمی فوگە هەمیشە سەرەتا بە ئاوازێکی سەرەکی دەست پێدەکات، وەك ناونیشانێك (بابەت) دێتە پێشکەشکردن هەمیشە ئەم بەشەش بە کورتی و ڕەزمێکی رون دەبێ وەبەئاسانی دێتەوەیاد، ئەگەر بێتو فۆڕمی فوگەکە بۆ دەنگی مرۆڤ بنوسرێتەوە واتە تایبەت بێ بە دەنگە مرۆییەکان ئەوە ئەم پارچە موزیکەی سەرەتا بەسەر چینە دەنگیە مرۆییەکان دابەش دەکرێت و بەشێوەی وەڵام دانەوە نمایش دەکرێت.
دواتر ئاوازە سەرەکیەکە دەبێتە پێشەکییەك بۆ دەست پێکی بەشێکی نوێ کەناسراوە بە بەشی (نمایشکردن)،واتە کاتێك بەشی یەکەم بە بابەت دەست پێدەکات و کۆتایە دێت بەشی دووەم بەوەڵام دێتە ناوەوە، ئەم وەڵامەش یاخود بەشی دووەم هەمیشە بە بیرۆکەی نوێ و ڕەزمی نوێ دەبێ واتە دژە بابەتە. کۆتایی بەشی نمایشکردن لەکاتێکدادەبێ کە سەرجەم چینە دەنگیەکان یەکجار تێکرای ئاوازە سەرەکیەکە نمایش دەکەن.

بەشێکی تری فوگە دەست پێدەکات و پێی دەوترێ بەشی (هەڵچون) وە ئاوازەکان فراوانبونی بەرچاو بەخۆیانەوە دەبینن، ئەمەش بەواتای ئەوە دێت کە ئاوازەکە لەم بەشەدا تەواو دوردەکەوێتەوە لە ئاوازە سەرەکییەکە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە هەندێك پەیژەی نوێ لە ئاوازەکەدا بەشدار دەبن، وە لەم بەشەشدا ئاوازەکان هەمان شێوەی وەڵامدانەوە وەردەگرن کە لەبەشی پێشوتر هەبووە. بەڵام لەم بەشەدا ئاوازە سەرەکیەکە هەمووی بەیەکجاری پێشکەش ناکرێت، بەڵکو سەرەتایەکی ئاوازەکە پێشکەش دەکرێت و دواتر ڕاستەوخۆ بزر دەکرێت.

مەبەست لەم بزرکردنەی ئاوازە سەرەکیەکەش ئەوەیە کە هەستی و هۆشی یا فکری گوێگر ڕابکێشرێت و واله گوێگر بکات بەدوای ئاوازەکەدا بگەڕێت. بەمەش ناوە ناوە ئاوازەکانی ئەم بەشە کە بەشی سێیەمە، لەسەر هەمان پەیژەی موزیکە سەرەکیەکەی یەکەم دروست دەکرێن و هەمان تامو و چێژی فکرە سەرەکییەکە دەدەن.

لێرەدا ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە قاڵب و فۆڕمی فوگە لە سێ بەشی سەرەکی پێکدێت و بەسێ بەشی دەناسرێتەوە، هەروەها دەکرێت بڵێین هەمان ئەم سێ بەشەی فوگە لە فۆڕمەکانی سۆناتاش بەدیدەکرێن لەگەڵ بەشێکی تر کەبەشی چوارەمە لە فوگەدا بونی نیە.

لە فوگەدا هەندێك داهێنان بەدی دەکرێت وەك:

١ـ فرە بوونەوە: واتە دوو ئەوەندە گەورەکردنی نرخی نۆتەکانی ئاواز.

٢ـ کەمبوونەوە: واتە نیو ئەوەندە بچوك کردنی نرخی نۆتەکانی ئاواز.

٣ـ هەڵگەڕانەوە: واتە گۆڕینی ئاراستەی میانەکانی ئاواز بەرەو سەر یان خوار.

٤ـ بەردەوام بونەوە: واتە دەست پێکردنەوەی ئاوازەکە لە یەکەمەوە.

تێبینی: گشت ئەم جۆرو شێوازانەی سەرەوە بۆ پارچە موزیکە هەمەدەنگیەکانی سەدەی شانزەهەم بەکار دەهێندران.

## ئارس نۆڤە (Ars Nova)

ئارس نۆڤە (Ars Nova)، زاراوەیەکی لاتینییە بەواتای هونەری نوێ دێت و لە دەورووبەری ساڵانی ١٤٠٠ دەگرێتەوە، واتە سەدەی پانزدەهەمی زاینی. ئەم زاراوەیەش بە ئەصل لە پەڕتوکەکەی موزیك زانی بەتوانای فەڕەنسی فلیپ دی ڤیتری (Philipe de Vitry)، وەرگیراوە کە تیایدا باس لە نوێکاریەکانی بواری تیۆری موزیك و پڕاکتیکی موزیکی دەکات لەم سەردەمەی کە موزیك پێی گەیشت بوو.

ئەم گۆڕانکاری و پێشکەوتنانەش کە لە بواری موزیك دا درووست بوو بوون لە ئەنجامی ئەم پێش کەوتن و بیرو بۆچوونە کەلتوری و ڕۆشنبیری و هزریانەی سەدەی ناوەڕاست بوو کە هەنگاویان دەنا بۆ بەرەو سەرهەڵدانی گەشەیەکی زۆر گەورەتر لەوەی کە هەبوو، ئەویش بەمەبەستی سەرهەڵدانی سەردەمی ڕێنیسانس بوو.

شایەنی باسە سەردەمی ئارس نۆڤە بە سەردەمێکی زێڕین هەژمار ئەکرێت لە بواری هونەر بەگشتی و موزیك بەتایبەتی. واتە لەم سەردەمەدا هونەرە جۆراو جۆرەکانی وەك وێنە کێشان و موزیك و پەیکەرتاش و بیناسازی .. تادوایی، بەشێوازێکی نوێ سەرهەڵدانی بەخۆیەوە بینی.

ئارس نۆڤە وەك سەرەتای ڕێگایەك هەژمار دەکرا بۆ گواستنەوەی هونەر لە دەستی پاشا گەردانی و قەشە و پاپاکان و بواری ئاینی، هەروەها هونەری نوێ بەردەوامی وەرگرت و ماناکەی سەبر سەبر گەشەی دەکرد تا وای لێهات مانایی ڕۆشنبیری ژیانی مرۆڤایەتی وەرگرت. واتە لەسەردەمی ئارس نۆڤەدا مرۆڤ شێوازوو جۆری بیرکردنەوەی زۆر گۆڕانکاری جەوهەری بەسەردا هات و لایەنی هزری و شێوازی گەشەی زانستی و فکری نوێ هاتە کایەوە. مرۆڤ لەم سەردەمەدا زیاتر کەوتە بیرکردنەوەی ئەوەی کە چۆن وا بکات زیاتر سەربەستانە و ئازادتر کاری هونەری و دارِشتنەکانی بواری موزیکی فراوانتر و چاکتر بکات، بە جۆرێك کە دەسەڵاتی پاپا

و قەشەکان و پیاوانی دەسەڵاتدار کەمتر کاریگەری بەسەر ژیان و کار و گوزەرانیانەوە هەبێ.

ئارس نۆڤە وەك بزافێکی هونەری نوێ خواز لە موزیك دا هاتە کایەوە، ئەم بزافەش هەر تەنها بەوەندە نەوەستا و هەڵسا بە والاکردنی دەرگایەکی نوێ لە ڕوانگەی ئایدۆلۆژی و فەلسەفەکانی چاخەکانی ناوەڕاست، تا وای لێهات ژیانی ڕۆشنبیری کاریگەری بەسەر پرسیارەکانی ڕۆژانەوە هەبێت.

ئەم گۆڕانکاریانە هەمووی بونە هۆی ئەوەی کە خەڵکەکەش زیاتر متمانە بە بزوتنەوەکە بکەن و ڕەفتار و کارو چالاکیە نوێکانی نوسەرو و ڕۆناکبیرە نوێ خوازەکانیش زیاتر ئەم هەوڵانەیان پشت ئەستوور تر کرد چونکە ئەمانە هەمویان بە جۆرێك لە جۆرەکاندا لە کارەکان و بەرهەمەکانیان دەردەچوون لەم شێواز و یاسا یانەی کە لەلایەن دەسەڵات و پاپا و قەشەکان دەرکرا بوون. بە واتای دەرچون لە ئاین و کەنیسەکان. ئەم گۆڕانکاریانەش لە پێش گوتیەکان و لە دوای گوتیەکانیش بەردەوام بوو.

سەردەمی ئارس نۆڤە سەرەتایەك بوو بۆ دروست بوونی هونەری دنیایی و ئازاد بوونی موزیك بە شێوازێکی سەرەتایی و لاوازی لە ناو موزیکی کەڵێسایی، ئەم ئازادیەش لە بواری موزیکی هەموو لایەنەکانی ئاوازی و هارمۆنی و ریتمی گرتەوە. واتە فۆڕمی پۆلی فۆنی هەر بەرەو پێشەوە دەڕوات وە تیۆری موزیك دەوڵەمەندتر دەبێ وە نوسینی نۆتەی موزیکی مێنسۆڕاڵ لە گەشەی بەردەوام و بەرچاو دایە و شێوازی درێژکردنەوەی نۆتەی موزیکی گۆرانکاری بەسەردا دێت بە زیادکردنی کاتە کانی ڕۆند و بلانش.

هەرلەم سەردەمەدا زمان و نوسینی لاتینی گۆڕانکاری بەسەرداهات و جیازیەکی زۆری لێپەیدا بو لەگەڵ لاتینی نوێ و زمانە نوێکەش پێگەی بەهێزتر بوو وە زیاتریش کاری پێدەکرا، وە ئەم گۆڕانکاریەش نەك تەنها لە فەرەنسا بەلکو لە ئیتاڵیا و ئیسپانیا و ئەڵمانیاش بڵاو بووەوە و لەسەری دەڕۆیشتن تا دەورو بەری سەدەی دوانزدەهەم، ئەوکات فەرەنسا سەرکەوتنی بەدەست هێنا لە شەڕی نۆڕمان دا.

و زمانی فەرەنسی وەك زمانێکی فەرمی لە فەرەنسا مامەڵەی لەگەڵ کرا و هەموو شعر و هۆنراوە و ئەدەب و نوسینەکان بەم شێوە زارە نوسرانەوە و بڵاوکرانەوە.

ئەم هونەرمەندانەی کە لەم بوارە کاریان دەکرد، واتە لە بواری موزیکی ئازاد و سەرەتای دەرچوونی موزیك لە کەڵێساکاندا، بریتی بوون لە هەریەك لە هونەرمەندان (فلیپ دی ڤیتری ١٢٩١-١٣٦١) و (جۆلیام دی ماخاوت ١٣٠٠-١٣٧٧) و (جۆنس دی مۆریس ١٢٩٠-١٣٥١).

## فلیپ دی ڤیتری (١٣٦١-١٢٩١)

فلیپ دی ڤیتری کەسێکی دیار و بەناوبانگی سەردەمەکەی خۆی بووە و لەساڵی ١٢٩١ لەدایك بووە و لە ساڵی ١٣٦١ یش کۆچی دوایی کردووە. خاوەن ڕۆشنبیریی و زانیاری و بیرکردنەوەی زۆر بووە و زۆر هەوڵو ماندوو بونی کردووە بۆ بەجێ گەیاندنی بۆچوونەکانی.

ڤیتری یەکێك بوو لەم کەسانەی تەنها بۆ ئەوەی بگات بە دۆزینەوەی زانستی تیۆرەکانی موزیك، هەڵسا بە گەڕان و خوێندن لە بوارەکانی فەلسەفە و ماتماتیك و مێژوو.

هەروەها ڤیتری نەك تەنها موزیك دانەرێکی باش بووبێ و تەواو نەخێر، بەڵکو شاعیر و دبلۆماسێکی گەورە و بەتواناش بوو.

ڤیتری یەکێك بوو لەم کەسانەی کە هەمیشە سەربەخۆیی بۆ موزیك و بواری هونەری دەویست و هەمیشە دەیگوت : (نابێ موزیك تەنها لە خزمەت ئاین دا بێت، بەڵکو پێویستە موزیك لەخزمەت ژیان دا بێت و پێویستیەکانی ڕۆژانە پڕبکاتەوە). ئەمە لەکاتێکدا بوو کە لایەنی ئاینی زاڵ بووە بەسەر هەموو بوارەکانی ژیان دا.

## جۆلیام دی ماخاوت (١٣٧٧-١٣٠٠)

هونەرمەند جولیام دی ماخاوت لە سالی ١٣٠٠ لەدایك دەبێت و لەساڵی ١٣٧٧ کۆچی دوایی دەکات، واتە دوای هونەرمەند فلیپ دی ڤیتری دێت، وە بەدواین ترۆڤەر دائەندرێت لە فەڕەنسا.

ترۆڤەر ووشەیەکی فەڕەنسیە بەواتای ئەم هونەرمەندانە دێت کە لە بواری دانراوەی گۆرانی کاریان کردووە یان کاریان دەکرد.

ترۆبادۆر یش ووشەیەکی فەڕەنسیە و بەم هونەرمەندانە دەوترا کە شیعر و گۆرانی وئاوازیان دادەناو هەر بۆخۆشیان دواتر دەیان ووت. ئەمەش لە سەدەکانی (١٣-١٤)دا بوونە.

ماخاوت خاوەنی زۆر بەهرەی جۆراو جۆر بوو لەپاڵ بەهرە هونەریەکەی و شارەزایی و زیرەکیەکی بلیمەتی هەبوو. هەر بۆیەش بە هونەرمەندی گەورەی سەردەم ناسرا بوو.

## جۆنیس دی مۆریس (١٣٥١-١٢٩٠)

جۆنیس دی مۆریس بە سێیەمین کەسایەتی بەهێزی سەردەمی ئارس نۆڤە هەژمار دەکرێت، کەلەساڵی ١٢٩٠ لەدایك بووە و لەساڵی ١٣٥١ کۆچی دوایی کردووە. مۆریس ڕۆلێکی گرینگی هەبووە لە گەشەپێدانی شێوازی نوێ و پرۆفیسۆری ماتماتیکی و گەردون ناسی بووە لە زانکۆی سۆربۆن، لەساڵی ١٣١٩ پەرتوکێکی داناوە بەناوی ئارس نۆڤە(Ars Nova)، بەواتای هونەری نوێ لە بواری موزیك دا.

شایەنی باسە جۆنیس دی مۆریس یەکێك بوو لەو کەسانەی کە زۆر سەرسام بوو بە زانای بەناوبانگ فلیپ دی ڤیتری و هەمیشە لەسەر تیۆرەکانی ئەو و بۆچونەکانی دەدواو کاری بەردەوامی لەسەر تیۆر و بۆچونەکانی ڤیتری دەکرد و درێژە دادەری ڕێچکەی ئەو بوو لە بواری موزیك.

## نمونەی پرسیارەکان

پ١/ پێناسەی ئەمانەی خوارەوە بکە؟
١- زانستی ئەنترۆپۆلۆژی
٢- زانستی ئەتنۆموزیکۆلۆژی
٣- سالمۆدی
٤- موناجات
٥- تێتراکۆرد
٦- موناجات
٧- پێنتا فۆنیک

پ٢/ هۆی ئەمانەی خوارەوە بنوسە؟
أ-بۆچی موزیک لای یەهودیەکان پیرۆز بوو؟
ب-بۆچی ئامێرە موزیکیە سەرەتاییەکان بەرگەی مانەوەی زۆریان نەبوو؟
ج-بۆچی گریکەکان دوو جۆر نۆتە نوسینەوەیان هەبوو بەکورتی باسیان بکە؟
د-زۆر دوبارە کردنەوەی ئاوازەکان لای مرۆڤی سەرەتایی بۆچی دەگەڕێتەوە؟

پ٣/ خەسڵەتەکانی موزیکی سەرەتایی بژمێرە ؟

پ٤/ گرینگی موزیک لەنێو ئایندا بۆچی دەگەڕێتەوە؟

پ٥/ ئامێرە موزیکیە تایبەتەکان لای یەهودیەکان و لای مصریە کۆنەکان کامانەبوون؟

پ٦/بەکورتی دەربارەی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی موزیک بدوێ سەبارەت بە وتەکانی هەریەک لە (هێربێرت سپێنسر، چارڵس دارۆین) ؟

پ٧/ هۆی چی بوو گریکەکان دوو جۆر نۆتە نوسینەوەیان هەبوو بەکورتی و بەنمونەوە باسیان بکە ؟

پ٨/ بەکورتی باس لە پیرۆزی موزیک و ئامێرە موزیکیەکان لای یەهودیەکان و لای مصریە کۆنەکان بکە؟

پ١١/ جیاوازی چیە لەنێوان ؟
١-پەیژەی پێنتا فۆنیک
٢- پەیژەی دیاتۆنیک
٣- پەیژەی کرۆماتیک، بەنمونەوە ڕونیان بکەوە؟

پ١٢/ ئەمانەی خوارەوە بەنمونەوە شیبکەرەوە ؟
١-پەیژەی دۆریکۆ؟
٢-پەیژەی فریجیۆ؟
٤-پەیژەی لیدیۆ؟

پ١٣/ خەصڵەتەکانی گۆرانی گریگۆریانۆ بژمێرە؟

پ١٤/ گرینگی قوتابخانەی کانتۆرم لەچیدابوو؟

پ١٥/ کۆمەڵەی تریتینیۆ چی بوو؟ ئایا توانرا ئامانجی کۆمەڵەکە جێ بەجێ بکرێت؟

پ١٦/ بەدرێژی باس لە فۆرمی ئۆرگانۆم بکە؟

تێبینی // ئەمانە گرینگترین پرسیارەکانن، هەندێک پرسیاریتریش هەن کە دەکرێت فێرخواز بۆخۆی بیان دۆزێتەوە.

# سیڤی ئەکادیمی



زانیاری کەسی
ناوی تەواو: چیایی کمال سعدی
پۆستی ئەکادیمی: پرۆفسیۆری یاریدەدەر
ئیمەیڵی زانکۆ: chiey.saddi@su.edu.ked
مۆبایل:٠٠٩٦٤٧٧٠٤٤٨٤٥٥٧

قۆناغەکانی خوێندن:
- ١٩٨٨ تا ١٩٩٤ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی حەپسەخانی نەقیب تەواوکردووە
- ١٩٩٤ تا ١٩٩٦ خوندنی ناوەندی لە دواناوەندی قەندیلی کوران تەواوکردووە
- ١٩٩٦ تا ٢٠٠٠ پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی موزیک تەواوکردووە
- ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٨ کۆلیژی هونەرە جوانەکان بەشی موزیکی تەواوکردووە
- ٢٠١١ تا ٢٠١٣ خوێندنی باڵا ماجستێری لە بەشی موزیکی زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی هونەر تەواوکردووە
- ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٣ خوێندنی باڵا دکتۆرای لە بەشی موزیکی زانکۆی سەلاحەدین کۆلێژی هونەر تەواوکردووە

شوێنی کار:
- ٢٠٠٠-٢٠٠١ لە قوتابخانەی ڕێبەری سەرەتایی تێکەڵاو لە قەزای خەبات دامەوراوە
- ٢٠٠٨-٢٠٠٩ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەک بڕیاردەری بەشی موزیک دەست بەکار بووە
- ٢٠١٠ تا ئێستا لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەردەوامە لە ڕاژەکەی

خول و بڕوانامەکان:
- ٢٠١١ بڕوانامەی زمانەوانی لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە بۆ خوێندنی ماجستێر
- ٢٠١١ بڕوانامەی ئایتی لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە بۆ خوێندنی ماجستێر
- ٢٠١٣ بڕوانامەی وانەوتنەوەی لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە
- ٢٠٢٢ بڕوانامەی زمانەوانی لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە بۆ جاری دووەم بەمەبەستی خوێندنی دکتۆرا

ئەزموونی وانەوتنەوە:
- ١٩٩٧-١٩٩٨ وانەبێژ لە چالاکی قوتابخانەکان بەشی موزیک
- ١٩٩٨-١٩٩٩ وانەبیژ لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە هەولێر
- ١٩٩٩-٢٠٠٠ وانەبێژ لە ڕێکخراوی یونسکۆ بۆ بواری موزیک
- ٢٠٠١-٢٠٠٢ مامۆستا لە قوتابخانەی ڕێبەری سەرەتایی
- ٢٠٠٨-٢٠٠٩ مامۆستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان
- ٢٠٢١-٢٠٢٣ وانەبێژ بووە لە زانکۆی ڕاپەڕین کۆلێژی بنیاد بەشی باخچەی ساوایان
- ٢٠٢٤-٢٠٢٥ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆلێژی هونەر بەشی موزیک بووە لە زانکۆی دهۆک و بەردەوامە لەوانەبێژی تیایدا.
- ٢٠١٠ تا ئێستا ستافی ئەکادیمی و مامۆستا بووە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەشی موزیک

توێژینەوە و بڵاوکردنەوە
- https://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR/article/view/١٩٨٠/١٠٩٧
- کێشەی ناونانی زاراوەکانی بەکارهێنەر لە موزیکیی ڕۆژهەڵاتیدا لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە ٦٢- ٢٠٢٥
- ڕۆڵ و پێگەی ریتم و میلۆدی گۆرانی کەلەپووری لە موزیکی ئەورووپای ڕۆژئاوادا لە گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین ٢٠٢٥
- The main principles of song and music and their relationship to children's literature and the foundation of children's kowledge in education and Teaching
- Use of Kurdish poem, melody and songs in funeral and condolence ceremonies
- گرنگی داتاشراوە دێرینە کان لە پێگە ی گۆرانی و موزیکی ڕۆژهە ڵاتی ناوەڕاست
- کاریگەری موزیکی ڕاستەوخۆ لەسەر ئاستی هۆشیاری گەنجان
- سەرەتای سەرهەڵدانی بزاڤی هونەری لەشاری کۆیە ( باب سەردار ) بەنمونە
- استخدام الشعر و اللحن و الاغاني الكوردية لترنيمة جنائزي الحزينة في مراسيم الفاتحة و العزاء
- المبادء الاساسية لتربية علم كونترابنط لتاليف الموسيقى الشرقية

- بەکارهێنانی شیعر و ئاواز و گۆرانی لەشین و لاوانەوەدا
- تێڕوانینی قوتابخانەی سوڵتان کۆدای لەبواری گۆرانی و موزیک لە پەروەردە و فێرکردندا
- سه ره تایه کی میزوویی بو کورانی و موزیکی کوردی
- فرقة باواجی الموسیقیة و دورها فی الحفاظ علی تراث الشعبی لمنطقة کویسنجق
- کاریکەری موزيك لەسەر ئاستی زیرەکی قوتابیانی زانکوی صلاح الدين هەولير
- ڕۆڵی گۆرانی و موزیک لوپرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆجیاوە

کۆنفرانس و خولەکان

- بەشداری لە دووەم کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زانکۆی دیالا کردووە بە توێژینەوەی زانستی لەژێر ناونیشانی (بالتربية والفنون ترتقي اجيال الغد) لە ٢٤-٢٦-٥-٢٠٢٢

ئەندامیەتەکان

- ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی عیراقی
- ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان
- ئەندامی کارای ژوری بازرگانی کوردستان
- سەرۆکی ڕێکخراوی پاراستنی مافی هونەرمەندانی کوردستان
- سەرۆکی تیپی موزیکی نەورۆز بۆ موزیکی سونەتی

ئەکاونتی تۆڕە کۆمەڵایەتییە پیشەییەکان:

- https://academics.su.edu.krd/profile-admin/index.php?p=research-register
- https://www.researchgate.net/profile/Chiey-Kamal
- https://scholar.google.com/citations?user=LTLUsooAAAAJ&hl=ar
- https://orcid.org/٠٠٠٩-٠٠٠٧-٤١٨٠-٥٢٣٤